# جوانی و رازاوەیی ن



یەکێــك لە مــۆدە تایبەت و ناســکەکان، بریتییە لە رەنگ کردنی نینۆکەکانی پەنجەی هەر خانمێك، بە رێگەیەك نینۆکەکان دەکرێت بە چەندەهــا بۆیە و رەنــگ بکرێت، بەڵام گرنگ لێرەدا شێوە و دانانی ئەو بۆیە و رەنگانەیە، کە لە نینۆکەکان دەدرێت.

دوو رێگەی ســەرەکی هەیە بۆ دانانی بۆیەکان، یەکێــك بــە بۆیەی ســادە واتە تەنیــا رەنگی ســادە بێت بۆ

# جوانترین مۆدەی پانتۆڵ بۆ خانمان



بەم دواییە مۆدەیەکی جوان و تایبەت لە پانتۆڵەکان دەرکەوتووە، شێوەی دەچێتە سەر کیلۆت، تەنانەت لە پانتۆڵ دەردەکەوێت و بە ناوێکی تایبەت کە پێیدەگوترێت (ســەکینی ) دەناسرێت. ئەم شێوە پانتۆڵە لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکــی جوان و کراوە دەبەخشــێت، کەچی دەبێتە جلێکی فراوان و کراوە بۆ پۆشین.

پانتۆڵی سەکینی، لە سەرەوە بە کراوەیی دەردەکەوێت و تا بەرەو خوارەوە بچێت زیاتر تەسکتر دەبێتەوە، بۆیە لە جەستەی خانمان بە رێکی دەردەکەوێت و شێوەیەکی کراوە و ناسك نیشان دەدات. ئەم پانتۆڵە دەکرێت لەگەڵ گشــت جۆرە جلێکی ســەرەوە بپۆشــرێت، زیاتر جوانی ئەو پانتۆڵــە لەگەڵ گونجاندنی لەگەڵ پێڵاو و جلەکانی سەرەوەیە دەبێت.





# ئەڵقەکان وەک ئێکسواریێ

ئێکسسوارەکان بە جوانترین شێواز دەبێتە مایەی جوانی و کراوەیی بۆ جەستەی خانمان، تەنانەت دەتوانین سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت جۆرە مۆدەکانی دیکە بگونجێت، وەك ئەڵقە جوانەکان، بۆیە کاتێك پەنجە جوانەکانی خانمان بە ئەڵقە ناسکەکان دەرازرێنرێتــەوە، دەبێ ئەڵقــەکان جێگەی جوانــی و ســەرەنجراکێش بێــت. چەندەها



## ...ـــــەخشەكانی نینۆكەكان

پەنجەكان.

ڕێگەی دووەمیش بریتییە لە دانانی نەخش و شێوە جوانەكان بۆ نینۆكەكانی پەنجە، بەڵام ئەو مۆدەیەی دووەم جێگەی سەرەنجراكێشـــی و تایبەتمەندییـــە بۆ نینۆكـــی خانمان، چونكە دیمەنێكی ناســـك و كراوە دەبەخشـــێت، گشـــت خانمێك دەتوانێت ئەو نەخشـــانە لەسەر نینۆكەكان هەبێ، بەڵام هەر یەكە بە جۆرە نەخشێك دەتوانێت سوودی لێوە وەربگرێت.

## چاكێتەكان هێمای جوانی دەبەخشێت

لەگەڵ وەرزی ســـەرما دەبێ جلەكان هاوشێوە و جوانییەكی كراوە بە كاتەكان بدات و تەنانەت لەگەڵ جوانی و ساردی وەرزی زســـتان بگونجێت، بە تایبەت جلی سەرەوە چونكە زیاتر لەو وەرزە جێگـــەی گرنگی و تایبەتمەندی دەبێت، بۆیە جلەكان تا جوانتر بن، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ ڕازانەوەی خانمان و گونجاندنیان لەگەڵ وەرزی سەرما.

چاكێتـــەكان وەك جلێكی تایبەت، دەبێتە مۆدەیەكی تایبەت بۆ ئەو وەرزە، خانمان دەتوانن بە جوانترین شێوە ســـوودی لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت جۆرە جلێكی دیكە بگونجێت. بوونی چاكێت پێویســـتی بە قەمیســـێكی تایبەت هەیە، بەمەش دەتوانین جلێكی جوان و تایبەت ئامادە بكەین بۆ وەرزی سەرما.










## ...ـــــكی جوان بۆ پەنجەی خانمان

مـــۆدەی ئەڵقەكان هـــەن، بۆیـــە دەبێ لە نزیكەوە جۆرە ئەڵقەیەك هەڵبژێردرێت لەگەڵ جوانی دەست و ڕەنگی پێستی خانمان یەكتر بگرێتەوە. یەكێك لەو جۆرە ئەڵقانە بریتییە لە ئەڵقەی ڕەنگی ئەڵماسی و بوونی نەخشێكی بچووكی ڕەش لەســـەرەوە یـــان لەلایەنێكی ئەڵقەكـــە، بەمەش دەبێتە ئێكســـسوارێكی تایبەت و جوان بۆ دەستی خانمان.



# هونـــــــەر و دار بڕینەوە یەک دەگرن

کاتێك هەندێك لە مرۆڤەکان بەهرەیەکی تایبەتیان دەبێت، هەوڵدەدەن ســـوود لەو بەهرەیان وەربگرن بـــۆ ئەوەی کارێکی تایبەتی پێـــوە ئەنجام بـــدەن، ئەمەش وەك ڕێگەیەك لـــە ئەنجامدانی کارەکان بە ڕێگـــەی گونجاو، پیاوێکی کرواتی کاری داربڕین دەکات، هەر لە منداڵییەوە ئـــەوە کاری دەبێ، بۆیە شـــتێکی لە کارەکەی فێر دەبێت. ئەویش بە دروست کردنی وێنەی جوانـــی گـــیانداران



# شەقام و خانووە لارەکان!

ئەو دوو وێنەیە ڕاستەقینەن و هەریەکیان بە جۆرێك گیـــراوە بۆ ئـــەوەی دیمەنێکی جـــوان و ســـەرنجراکێش دەربخـــات، ئەمە یەکێکە لە شەقامەکانی ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکی، بەهۆی ئەو نزم و نشێوییەی لەم شارەدا هەیە، بۆیە دەبێ شەقامەکان بە لاری و خانووەکانیش بە تەواوی دروست بکرێن.

لە وێنەیەکـــدا، وێنەکە بە جۆرێك گیراوە وەك ئـــەوەی خانووەکان بە خواری دروســـت کرابێت، کەچی ئەگەر وابێت کەس ناتوانێت لەناو ئـــەو خانووانە بژیێت، بـــەڵام وێنەی دروســـت بریتییە لە وێنەی دووەم، خانووەکان دروســـتن و کەچـــی شـــەقامەکە بە لاری دروست کراوە.

# مۆدە سەیرەکانی

مۆدە سەیرەکان ڕۆژانە لە دوای شتی تازە و کاری تایبەت دەگەڕێن، تەنانەت چەندەها شتی وا دەردەکـــەن دەبێتە جێگەی جوانی و قیزەونی خەڵـــك، یەکێك لەو مۆدە ســـەیرانە بریتییە لە گرنگی دان بە برژانگ بە چەندەها شـــێوەی جیاواز، بەمەش دەتوانن جوانییەکی تایبەت بە





بــە هۆی ئامێری دار بڕینەوە، ئەمەش تەنیا بە بیرۆکەی خــۆی کــار دەکات، ئەو پیاوە ناوی (میسۆڤیج)ە و تەمەنی (٤٣) ساڵە، توانیویەتی چەندەها وێنەی جوان لە دارەکان دروست بکات.

# درێژترین و کورترین ناوی شوێن!

له هەر شــوێنێك بۆ ڕێنمایی و ناســراو کردن ناوی ئەو شــوێنانە دەنووسرێن کاتێك له بەردەم هەر شــوێنێکی دانیشتن وەك شار – گوند – شــەقام یان هەر شــوێنێك بۆ ئەوەی ناسراو بێت، ئەمەش لەسەر شەقامە سەرەکییەکان دادەنرێت بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی پێوە بناسرێت. کەچی لەهەندێك شوێن ناوی ســەیر و تایبەت هەن، وەك ئەوەی ناوێکی درێژ بێت یان ناوێکی کورت، له جیهاندا دوو شوێن هەن هەر یەکە ناوێکی سەیری لە خۆ گرتووە. ئەوەی یەکەم لە وڵاتی نەرویجە و ناوی دانیشگەیەکی بچووکە، ئەوەی سەیر بێت ناوەکــە تەنیا بریتییە لە پیتێك ئەویش پیتــی (ئەی) بە ئینگلیزی یان بە زمانی خۆیان نوســراوە. ئەوەی دوومیش بریتییە لــە ناوی گوندێك لە وڵاتــی هەنگارییا، ئەگەر سەیرێکی تابلۆیەکە بکەیت هەرگیز ناتوانیت بە تەواوی بیخوێنیتەوە!







# برژانگە درێژەکان

برژانگەکان ببەخشن و دیمەنێکی سەرنجراکێشی بۆ دروســت بکەن. یەکێك لەو مۆدە سەیرانە، دانانــی برژانگی درێــژە، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی برژانگی دەســتکرد لەســەر برژانگی سرووشتی دابنرێت بۆ ئەوەی مۆدێیەکی جوان و سەرنجراکێش دروست بکات.






# ئوتۆمبێلەکانیش خۆیان دەکەن بە ئافرەت

کەرەســتە و تایبەتمەندییــەکان جیــاواز دەبێتـــەوە نێوان پیاو و ئافرەت، بە تایبەت لە کەرەستەی تایبەت و ئوتۆمبێلەکان، تەنانەت چەندەها کەرەستەی تایبەت دروست دەکرێت تەنیــا بۆ ئافرەتان و خانمــان دەچێت، بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کەرەســتەکان و کارە ســەیرەکان جیاواز دەکرێنەوە نێوان پیاو و ئافرەت، ئەو لایەنــە توانی ئوتۆمبێلیش بگرێتەوە.

وەك ئەو خانمانە لە وڵاتی بیلا رووســیا هەســتاوە بە جوانکردنی ئوتۆمبێلەکەی بۆ ئەوەی گوزارشت لە ڕەگەزی مێینە بکات و جیاوازی بکاتەوە لە کەرەســتە و ئوتۆمبێلی پیاوەکان.

# کاره سەرسامەکان بۆ

کاری هونەری لە چەندها ڕێگەی خۆی دەنوێنێت، دەکرێت بیرۆکەی سەیرتری بۆ ئامادە بکرێت و جوانییەکی گەورەشی بۆ دابنرێت، کاتێك کەرەستەکان بچووکتر دەبێت، زیاتر دەبێتە جێگەی سەرەنجراکێشی و جوانییەکی کراوتر بۆ شتە بچووکەکان. کەچی لەلای (کریس نۆمار) ئەو هونەرمەندەی بە کارە بچووکەکانی جیهانی



# دار خورما سەیرەکان



شتە سەیرەکان لە ناکاوێك دەبینرێت و دەردەکەوێت، بەمەش دەبێتە کەرەستەیەك یان بابەتێك بۆ هەواڵێکی سەیر وتایبەت، بۆی لە ڕێگەی دۆزینەوەی شتەکان یان دروست کردن یان بەهرەکان دەتوانین کارە تایبەتەکان دەربخەین بۆ گشت کەسێك کە جێگەی سەرەنجراکێشی بێت.

یەکێك لەو شتە سەیرانە بریتییە لە (داری خورما)، وەك دەزانین داری خورما بە ڕاستی گەشە دەکات و، بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. کەچی ئەو چەند دارە جیاوازیان هەیە لەگەڵ هەر دار خورمایەك، چونکە هەر یەکێکیان بە شێوەیەك گەشەی کردووە، یەکێکیان بە درێژایی زەوی ڕۆیشتووە و دواتر بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە!







# تابلۆی لە سێو

کاتێك بیر لە تابلۆکان دەکرێنەوە، دەبێ کەرەستەیەك هەبێ بۆ ئەوەی تابلۆکان لەسەری دروست بکرێت، کەچی وادیارە کەرەستەکان گۆڕاوە لەوەی لە کەرەستەی تایبەت و جوانتر تابلۆکان ئامادە بکرێت.

بەم دواییە کەرەستەیەکی تایبەتیان بەکارهێنا لە دروست کردنی تابلۆیەکی سەیر، جێگەی سەرسوڕمانی مرۆڤ بێت.

کەرەستەکەش بریتی بوو لە (سێو) ! بەهۆی ئەوەی سێو لە چەندها ڕەنگ هەیە، بۆیان











# کەرەستە بچووکەکان

سەرسام کرد. کارەکانی بریتییە لە دروست کردنی کەرەستە و شتە بچووەکان، دەبێ بە میکرۆسکۆب ببینرێت، چونکە بە چاوی مرۆڤ بە ئاسانی دەرناکەوێت، وەك دروست کردنی پایسکلێك دەکرێت لەسەر دەرزی دوورمان دابنرێت.

ئەمەو کارەکانی بریتییە لە: وشتری بچووك — پایسکیل — تانك!



# شەقامە زەردەکان دەبێتە مۆدە

یەکێك لە دیمەنە جوانەکان کاتێك شوێنێکی شار یان هەر شوێنێکی دانیشتوان بە جوانی ئامادە دەکرێت، یان بە ڕێگەیەکی دیکە جیاوازتر بێت لە ڕێگەکانی ئاسایی، وەك ئەوەی ڕەنگێکی تایبەت بەکاربهێنرێت لە ڕەنگەکانی دیکە شوێنەکان.

لە وڵاتی بولگاریا، زۆربەی شوێنەکانی پیادە و شەقامەکیانیان بە ڕەنگێکی تایبەت ڕەنگ کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی شوێنەکان دیار بێت و کەس لەسەر ئەو ڕێگایانە لانەدات.

ڕەنگی شەقامەکان بریتییە لە ڕەنگی زەردێکی تۆخ، چونکە ڕەنگی زەرد بە شەو و ڕۆژ بە جوانی دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی کەسێك هەڵە بکات و لە شوێنێکی دیکە بڕوات.





# ئەوە چێڵە یان فیلە!

گیاندارەکان کاتێك لە شێوە و قەبارەی خۆیان نابن، بە شێوەیەکی سەیر دەردەکەون و تەنانەت جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی قەبارە گەورەکانیان دەبێتە سەیرترین گیاندارەکان و، یان جیاواز دەبێت، وەك ئەو چێڵ ئەوەندەی فیلێك گەورەیە. لە وڵاتی بەریتانیا گەورەترین چێڵ دۆزرایەوە، ناوی (شیللی)یە و درێژی دەگاتە (٧) پێ، لەگەڵ ئەوەی کێشی نزیکەی (١) تەن دەبێت، ئەم درێژی و کێشە نزیکەی لە بەرزی و کێشی گیانداری فیل، بۆیە شێوەی ئەو چێڵە لە شێوەی فیل دەچێت، کاتێك مرۆڤێك لە نزیکەی دەبێت درێژی بەرزتر دیاردەکەوێت!



توانیان سوود وەربگرن لە سێو بۆ ئەوەی وێنەی تایبەتی لێوە لە تابلۆکان دابنرێت، بە جۆرێك وێنەیەکی تایبەت بدات، ئەمەو بۆ تابلۆکانی لە سێو، نمایشێکی تایبەتی بۆ کراوە لە وڵاتی ڕۆمانیا !



# باوک و منداڵ لە جیاتی دەرس، بەزم بەزمی ریال و بەرشەلونەیە!!




# گەورەترین کورسی و مێز

وەك كارێكی تایبەت و سەمەرە، لە یەكێك لە شارەكانی وڵاتی كەنەدا بۆ ئەوەی شـــتێكی تایبەت و جوان دروست بكەن، توانیان گەورەترین كورســـی و مێزی دانیشتن دروست بكەن، بەمەش وەك كەرەستەیەكی تایبەت و سەیر دەردەكەوێت و ئەوەندەی باڵەخانەیەك بەرز و گەورە دەبێت. جێگەی كۆمەڵە كەســـێك دەكات نەوەك بۆ دوو كەسێك بێت!



## نوکـــــتە

- منداڵێكی زۆر شـــەیتان هەموو بەیانییەك بە پێش چایخانەیەك دەڕوات و بە خاوەن چایخانەكە دەڵێت: ئەرێ چای سارد هەیە؟!

چەند ڕۆژێك دووبارەی دەكاتەوە خاوەن چێشـــتخانە وەڵامی ناداتەوە، ڕۆژێكیان خاوەن چێشتخانەیەكە بێزار دەبێت و دەڵێت: با بڵێم هەیە بزانم چی دەڵێت.

بە منداڵەكە دەڵێت: بەڵێ چای سارد هەیە..

منداڵەكەش دەڵێ: باشە مادام بڕۆ گەرمی بكەوە !

## یاری جولانەوەی پیتەکان


دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەكجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـــەیەك بۆ یەكێكی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو كاتێك هەنگاوەكان تەواو دەبێت.

س م د ێ ر س ی

ئاسانكاری: ئوتۆمبێلێكە!

وەڵامی پێشوو : وڵاتی (لیبیا) بوو

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



دوای ماوەیەكـــی زۆر لـــە چاوەڕوانی لەنزیكتریـــن كاتـــدا خەونەكـــەت دەبێتە ڕاستی و بەو شتە دەگەی كە ئاواتی بۆ دەخوازی، هاوڕێیەكت پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە و داوات لێدەكات یارمەتی بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



كاتی ئـــەوە هاتـــووە دەســـت بكەی بـــە جێبەجێكردنـــی ئـــەو پرۆژەیەی ماوەیەكە بیر لەئەنجامدانی دەكەیتەوە، بەرامبەرەكەت پێویستی بە سۆزی تۆ هەیە و ئەم ماوەیە زۆر هەست بەنیگەرانی دەكات.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئاگاداری چۆنیەتی دەربڕینی هەستی خۆت بە بەرامبەر ئەو كەسەی خۆشت ئەوێت، نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی لێت بتۆرێت و كۆتایی بە پەیوەندی نێوانتان بێت، كارێك مەكە كە بزانی دواتر پەشیمان دەبیتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



بـــێ هیوا مەبـــە كاتێكی زۆرت لەبـــەردەم دایە بـــۆ ئـــەوەی وەڵامێكی بە دڵی خۆت لەكەســـی بەرامبەرت وەربگریت، لەبواری كۆمەڵایەتیدا ئاهەنگ و دیتنی هاوڕێیـــان و بۆنەی كۆمەڵایەتی دەبنـــە مایەی بەختەوەری بۆ تۆ.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ئەو كارەی لای تۆ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەتەوێ ئەنجامی بدەی لای كەس مەیدركێنە وا باشـــترە تا كۆتاییەكەی كـــەس پێی نەزانێت، ئەوەندە ئازاری كەســـی بەرامبەرت مەدە و ڕازی دڵی خۆتی پی بڵێ.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەگەر هەڵەیەكت كـــرد داوای لێ بوردن بكە لە بەڕێوەبـــەری كارەكەت ئەمە زۆر ئاساییە و هیچ زیانی تێدانییە بەپێچەوانەوە پلە و پایەت بەرزتر دەكاتەوە، پەیوەندیەكی سۆزداری لەڕێگادایە.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١- خاوەنی وێنەی ژمارە(٥).
٢- ڕۆژگار(ت).
٣- یانەیەکی ئیسپانیە(پ).
٤- پێنج پیت لە(ئەبیدال)
٥- نووسین لەسەر کۆمپیۆتەر- ناوێکە(پ).
٦- سۆنی(ت)- کامۆ(ت).
٧- پێچەوانەی (چەپ)- تاوە(ت).
٨- ناوێکە(پ)- خاوەنی وێنەی ژمارە(٢)،(پ).
٩- شەش پیت لە (الوسیانو).
١٠- ناوێکە(ت)+ پیتی ١
١١- پایتەختی بەریتانیا.
١٢- بەڵێ بە ئینگلیزی+ خوا حافیز بە ئینگلیزی

## ســـتوونی:

١- یاریزانێکی یانەی بەرشەلۆنەیە.
٢- سارا(ت).
٣- چوار پیت لە ناوی خاوەنی وێنەی ژمارە(٣).
٤- ئەکتەرێکی ئەمەریکیە+ ناوی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(٤).
٥- یاریەکی وەرزشیە- بەیانی.
٦- چوار پیت لە کەژاڵ- پێغەمبەرێکە.
٧- دوو پیت لە (هۆگر)+ نیوەی لیرە- چوار پیت لە(بایدن).
٨- چوار پیت لە برادەر- ڕەوا(ت).
٩- خزمێکی نزیکە+ خاوەنی وێنەی ژمارە(١).
١٠- ناوێکە (پ).
١١- وەکو یەکن.
١٢- باڵندەیەکە هێمای ئاشتییە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامرازی پرسە بۆ چۆنییەتی ڕوودانی شتێك بەکاردێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی خواردنەوە و مەی لێدەخورێتەوە)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پایتەختی وڵاتی ئیتاڵیا)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ ڕەنگی وەنەوشەیی)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( کاســـیاس ) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەرچەند هەوڵ بدەی ناتوانی یادگارییەکانت لەگەڵ کەســـی بەرامبـــەرت لەبیر خۆت بەیتەوە بە هەر شـــێوەیەك بێت، ئـــەو یادگارییانە دەبنە بەشێك لەژیانت و لەبیرکردنیان کارێکی ئاسان نییە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەناو چەند کەسێك دا تۆ دەستنیشان دەکرێی بـــۆ ئەنجامدانی کارێکـــی گرنگ، بەخت دەبێتە هاوڕێت و بەســـەرکەوتوویی کۆتایی دێت، بـــۆ خۆشەویســـتان دابڕان چارەســـەر نییە بەڵکو برینەکانیان قووڵتر دەکات.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەشێوەیەکی گشتی هەفتەیەکی خۆش دەبێت لەسەرجەم بوارەکاندا، ئەگەر خۆشەویستت هەیـــە دیدارێك دێتە پێش ئەگەر خۆشەویســـتت نییە پەیوەندییەکی سۆزداری لەڕێگادایە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بایەخی زیاتر بە قسەی بەرامبەرەکەت بدە بۆ ئەوەی هیچ گومانێکی لا نەمێنێت، وا باشترە کێشەکانت بخەیتە لایەك و کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر ببەیت، ئەوەندەش توڕە مەبە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەرگای بەخـــت بە ڕووی تـــۆ دا دەکرێتەوە و ڕۆژانی داهاتوو زۆر هەســـت بە ئاســـوودەیی دەکەی، . هەســـتی نزیکبوونەوە لەو کەســـەی لەدڵتایـــە زیاد ئەکات و ئەگەری دروســـتبونی پەیوەندی لە ئارادایە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تۆ کەســـێکی لـــە ڕووی ســـۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی تایبەتت هەیە بۆیە هیچ کاتێك بایەخ بەو پروپاگەندانە مەدە کە دژی تۆ دەکرێن. دووری دەبێتە هۆی ئەوەی ماوەیەك کەسە خۆشەویستەکانت نەبینیت.

hemntoni@yahoo.com